
**بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا (١٧)**

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

# بۆکان و ناوچەی بۆکان لە کتێبی ئاوڕێک لە موکریان ، بیرەوەرییەکانم (بەشی٢ )

## نووسینی: کاک تایر ئێلخانیزادە دا

مەلا مستەفا هاتە بۆکان و رایسپاردبوو مەحمووداغا بێتە بۆکان بەڵکوو ئەو کێشە و دەردی سەرە کۆتایی بێت. دەیکوت: پێمان مەسڵەحەت نەبوو ئێمە بچینە بۆکان ، جوابمان داوە ئێمە دێینە حەمامیان مەلا مستەفاش لە بۆکان را بێتە حەمامیان . تا ئەو قسانەمانکرد شکاک حەمیانیان چۆل کردبوو ، رووسیش نە لە بۆکان و نە لە حەمامیان نەیاندەتوانی گیر بن چونکە دەگەڵ ئینگلیس قەراردادیان هەبوو کە بۆکان و مهاباد ناوچەی بێ تەرەف بن و لەشکری هیچیانی تێدا نەبێ. (٤)




مەحمووداغا و حاجی بایزاغا لە سەرداراباد را سەد سواری موسەلحیان دەگەڵ خۆیان هێنا و هاتنە حەمامیان . بۆ سبەینێ مەلا مستەفاش لە بۆکان را بە پێیان هاتە حەمامیان. دەیانکوت بارزانی بە داب و نەریتی شەڕ هاتنە پێش ، بەر لەوەی مەلا مستەفا بگاتێ هەر جێگایەک بڵیند بوو و بەسەر جێگاکانی دیکەدا دەیڕوانی چەند بارزانی چوونە سەری و دامەزران . دەپێشدا حەوت هەشت کەسیان چوونە سەر گردی گومبەزان . کوتی ئێمەش چەند کەسمان نارده لایان ، هەر جێگایەک بارزانی چوون چەند پیاوی ئێمەش چوونە نزیکیان. مەحمووداغا دەستووریدا جحێڵەکان بەرەوپیری مەلا مستەفا بچن ، کوڕ و برازاکانی تا دەرەوەی دێی حەمامیان بە پیریانەوە چووین . لە دەرەوەی دێ زۆر بە گەرمی و بە رووی خۆش بە خێرهاتنمان کرد و بەرەو وەتاغی دەرێ وەرێکەوتین. کاتێک مەلا مستەفا گەیشتە پێشێ مەحمووداغا و حاجی بایزاغا هاتنە دەرێ و پێشوازییان لێکرد و بە خێرهاتنیانکرد و هەرسێکیان پێکەوە چوونە سەرێ. پێش ئەوەی چایەک بخورێ مەلا مستەفا روو لە مەحمووداغا دەکا و دەڵێ مەحمووداغا تۆ حکوومەتی قازی محەمەدت قوبووڵە یان نا؟ ئەویش دەڵێ:

بەڵێ ئەگەر کوردایەتی و بۆ حەقی کوردان بێ بەڵێ قوبووڵمە بەڵام ئەگەر گوێ لە مستی رووسیە و تورکی ئازەربایجان بن دەگەڵیان نیم و قوبووڵم نییە بەڵام قازی محەمەدم خۆشدەوێ ، بابی مەلای چاک و بەڕێز بووە. ساڵها دۆستی خانەوادەی ئێمە بووە بەڵام بۆ رەئیس جەمهوور نابێ ، مەلا نابێ ببێتە رەئیس جەمهوور. مەلا مستەفا دەڵێ:

منیش ئیرادم زۆرە لەوکار و کردەوانەی مهاباد بەڵام ئەورۆ رووسیە دەسەڵاتداری ناوچەکەن و ئەوانیش پشتیوانی لەو مهابادیانە دەکەن . من لە زۆربەی کارەکانیان نارازیم . وەک عەرزم کردی ئێستا رووسیە هەمەکارەیە دەبێ ئێمە لەگەڵی بگوزەرێنین بزانین ئاکامی شەڕی گەورەی دنیایە بە کوێ دەگا، نازانین ئێران چی بەسەردێت، ئایا هەر وا لە بەردەستی ئینگلیس و رووس دا دەبێت یا ئازاد دەبێ ؟ ئەگەر ئازاد بێ بە بێ کێشە ئەو وڵاتە بۆ ئێمە بە جێ دێڵن ئەوانە هەموو پرسیارن بە بێ جواب ، بۆیە ئێمە جارێ پێکەوە

یەک بگرین. من بە مەسڵەحەتی دەزانم تۆ دەگەڵ قازی محەمەد ئاشت بیەوە. قازی زۆری پێخۆشە ئاشت بێتەوە و دەیەوێ دەگەڵ ئێوە بە سوڵح و ئاشتی بگات.

مەحموداغا دەڵێ: من زۆر لە مێژە دەگەڵ بنەماڵەی قازی دۆستایەتیم هەیە ، بە تایبەت قازی عەلی بابی قازی محەمەدم زۆر خۆشدەویست و زۆرمان ڕێز لێدەگرت . دەشزانم قازی محەمەدیش ئێستا بە دنەی هێندێک عەشایران و سەرانی فیرقەی دێمۆکراتی تەورێز ئەو کارانە دەکا . ئەو کارانەش بۆ حاڵوباڵی ئەورۆی کورد بە زەرەر دەبینم . لەبەر خاتری قازی عەلیی بابی و بۆوەی سەدەمە بە کاری کورد نەگا من گوزەشت لە هەموو ناخۆشیەکە دەکەم و هیچ دوژمنایەتی خوسووسیم دەگەڵ قازی محەمەد نییە . هەرچیش روویداوە بە دڵی ناگرم ، کە تۆ هاتووی چاو لە هەموو ناکۆکیەک دەبەستم و دەگەڵی دەسازێمەوە. مەلا مستەفا دەڵێ مەحمووداغا تۆ یارمەتیم بدەی من قازی لە گۆڕی لادەبەم . ئەویش دەڵێ نەخێر قازی کوڕی قازی عەلییە نابێ سەدەمە ببینێ بەڵام دەسەڵاتی کوردستانی لە ژێر دەست نانێم ، تۆ ببە سەرۆک تا ئێمە هەموو قوبووڵت کەین . مەلا مستەفا دەڵێ مەحمووداغا من عێراقیم باوەڕ ناکەم هەموو خەڵکەکە قوبووڵیان بێ . من پێموایە ئێران دێتەوە کوردستان و کەسیش شک نابەم بەرگری لە هاتنەوەی ئێران بکا . ئەگەر ئێران نەهاتەوە و وڵات هەر بە دەست خۆمانەوە بوو ئەودەم بە رای هەمووومان تەگبیرێک دەکەین . دەبێ تۆ بێیە مهاباد و ئاشت ببنەوە . مەحمووداغا دەڵێ بەڵێ زحرباشە من دێمە مهاباد بەڵام پێشنیارێکم هەیە . دەبێ کاتێک چوویەوە مهاباد میرزا رەحمەتی شافعی کە دۆستی نزیکی عەلیاغایە و کچی عەلیاغای بووکە و کچی ئەویش بووکی عەلیاغایە (٥) و بەو هۆیەوە دەریانکردووە و ملک و ماڵەکەی دگیر کراوە هەموو بدرێتەوە و بۆخۆی بێتەوە مهاباد. من لە دێوە دێمە ماڵی میرزارەحمەت و قازی بێ لەوێ دەسازێین. پاش ئەو رێککەوتنە مەلا مستەفا پەنجەرەی وەتاغێ دەکاتەوە و روو لە بارزانییەکان دەکا و دەڵێ ئەو تفەنگانە دانێن و بە شادی ئەوەی ئێمە ، دێبۆکری و بارزانی رێککەوتووین هەردووکلاتان پێکەوە دەست بگرن و لە سەر ئەو سکۆیە گەرێکم داوەت بۆ بگرن . دوای خواردنی نەهار مەلا مستەفا گەڕاوە بۆکان و لەوێڕا چۆوە مهاباد. حەوتوویەکی پێچووبوو نامەی مەلا مستەفا هات ، نووسیبووی میرزارەحمەت هاتۆتەوە ماڵەکەی خۆی و بێ زەحمەت دامەزراوەتەوە و وەتاغ و جێگەی ساز کردووە بۆ پەزیرایی مەحمووداغا. پاش ئەوانە مەحمووداغا چوو بۆ مهاباد و دە کەس لە موسەڵڵەح و کوڕ و برازای دەگەڵ خۆی برد .لە کەڵکی بەگزادان مەلا مستەفا و هێندێک لە کەیخوداکانی مهاباد بە پیریەوە دێن و تێکڕا دەچنە ماڵی میرزا رەحمەت. بۆ شەوێ قازی محەمەد و حاجی بابەشێخ دێنە ماڵی میرزارەحمەت و زۆر بە خۆشی و شادی دەگوزەرێ .

برایماغای مامم دەیکوت : مەلا مستەفا سەعاتێکیش بە جێی نەدەهێشتین ، هەر لە لای مەحمووداغا بوو . بۆ سبەینێ مەحمووداغا دەگەڵ حاجی بابەشێخ و مەلا مستەفا دەچنە ماڵە قازی محەمەد . هەموو سەرۆک عەشیرەکان لەوێ مەحمووداغا بە خێرهاتن دەکەن ، مەنگوڕ و گەورک و بەگزادە و شکاک و هەرکی و زەرزا هەموو لەوێبوون ، زۆریان شیعر و سروودی ئاشتی و کوردستانی خوێندەوە . کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵی میرزا رەحمەت ، مەحمووداغا رووی لە قازی محەمەد کرد و کوتی سبەینێ بۆ نەهار هەموو میوانی منن لە ماڵە میرزارەحمەت . برایماغای مامم دەیگێڕاوە میرزا رەحمەت نەهارێکی شاهانەی ساز کردبوو . دەیکوت ٢٠ بەرخی سەر بڕیبوو بۆ تاچین پڵاو ، بیست قاپی گەورەی دۆکولێو سەلکە بەرخی تێدابوو . کێشە کۆتایی هات.

چەند رۆژێک مەلا مستەفا هەر بە دوای مەحمووداغادا دەگەڕا. قازی تێگەیشتبوو لەوانەیە مەلا مستەفا پەیمانێک لەگەڵ دێبوکری و ماڵە ئێلخانی ببەستێ. بۆوەی نزیکییەکەی دەگەڵ مەحمووداغا زیاتر بێ لە ڕێگای میرزا ڕەحمەتی شافیعییەوە پێشنیار دەکا کچێک لە ماڵە مەحمووداغا بۆ کوڕی سەدری برای مارە بکا و کچی سەدریش بە نێوی توبا لە کوڕێکی مەحمووداغا مارە بکەن . میرزارەحمەت پێشنیارەکەی قازی بە مەحمووداغا دەڵێ و ئەویش دەڵێ بەڵێ زۆرم پێخۆشە .جەعفەری کوڕم ژنی نییە و پێشمەرگەی کوردستانیشە ، کچی سەدری لێمارەدەکەین و کچی عەوڵای کوڕم منداڵە لە کوڕی سەدری مارە بکەن. میرزا ڕەحمەت خەبەرەکە بە قازی دەداتەوە. بۆ سبەینێ شەو هەموو لە ماڵە قازی کۆ دەبنەوە . میرزا ڕەحمەت پێشنیارەکە باس دەکا و قازی دەڵێ : بەڵێ دۆستایەتی ئێمە و ماڵە مەحمووداغا دەبێ وا پتەو بێ نەپسێتەوە . ئەوە توبای کچی سەدرم دا بە کوڕی مەحمووداغا و نەوەیەکی مەحمووداغاش لەکوڕی سەدر مارە دەکەین . میرزارەحمەت دەڵێ مەحمووداغا کامە کوڕت دەفەرمووی بڵێ بێتە ژوور . جەعفەراغا بانگ دەکەن و دەڵێن بڕۆ دەستی قازی ماچ کە . هەر لەو مەجلیسە قازی محەمەد بۆخۆی مارەیان دەکا و خزمایەتی دیتە پێش .(٦)

کچی عەوڵاغا شەش حەوت ساڵان بووە لە کوڕی سەدر برای قازی محەمەد بە نێوی کەماڵ کە ئەویش هەروا منداڵ بووە مارە دەکرێ. قازی توبا خانمی برازای بانگ دەکا و دەگەڵ جەعفەراغا هەریەک دەمانچەیەکیان دەداتێ و مەبارەکبادیان پێدەڵێ. مەحمووداغا گەڕاوە حەمامیان و پاش مانگێک تەدارەکی بووک گوێستنەوە دەگرن.

## بووک گوێستنەوەی جەعفەراغا

کاتێک ژنان چوون بۆ شیرنی خواردن لە سابڵاغ و جلی بووک و زێڕیان بردبوو ، سوغرا خانمی ژنی مەحمووداغا وعیشرەت خانمی ژنی برایماغا و چەند ژنی دیکە دەگەڵ بوون . عێشرەت خانمی ئامۆژنم منیشی دەگەڵ خۆی برد بۆ مهاباد. لە بیرمە ئەو جێگایەی قازی محەمەد کاری لێدەکرد پێیان دەکوت مەحکەمە ی قازی، ماڵەکەشی هەر لە نزیک ئەو مەحکەمەیە بوو . دوای شیرنی خواردن ئەوجار نۆرەی بووک گوێستنەوە هات . وەک دەیانکوت تا ئەو ڕۆژە کەم بووک ئاوا بە تەدارەک و ڕێزەوە گوێزراوەتەوە . نزیک سەد سوارێک هەمووی رازاوە بە بەرگی نوێ، خەنجەر دەبەر پشتێندا ، سێ ریز فیشەکدان بە شان و قەدەوە ، تفەنگی برنو بە دەستەوە، دەمانچە بە قەدەوە ، ئەسپ و ماین بە ڕەخت و ڕێشمەی زێو رازابوونەوە . چەند ماشێن لە ڕێگای میاندواورا گەیشتبوونە مهاباد . کاتێک بووکیان سواری ماشێن کرد خەڵکی شاری لەوبەرەوبەری خیابانەکان راوەستابوون بە چەپڵەلێدان و بژی بژی کوردستان بووکیان بەڕێکرد . دەیانکوت کچی شای کوردانە هەرچی بۆی بکەن کەمە . کاتێک لە حەمامیان بووکیان دابەزاند دوو کەس قۆڵیان گرتبوو ، مەخمەری سووریان بۆ ڕاخستبوو پێیاندەکوت پایەنداز ، لەو بەروبەر زێڕوەشانیان دەکرد تا بەو ڕێزەوە بووک چووە ژوورێ.

بەداخەوە توبا خانم لە جەعفەراغا منداڵی نەبوو . هەر ئەو بێمنداڵیە ببووە هۆی ئەوەی پێکەوە نەسازان . ساڵێکی پێنەچوو قازی محەمەد و ئاغای سەدری بابی توبا خانم شەهید کران . پاش ئیعدامی ئەوان ماڵە مەحمووداغا تێگرا ڕێزی زیاتری توباخانمیان دەگرت . سێ چوار ساڵ ماڵیان لە حەمامیان دەگەڵ ماڵە مەحموداغا پێکەوە بوون. لە پاشان جەعفەراغا ماڵی چووە سەرداراباد. لەوێ هەرنەسازان.

کوتیان جەعفەراغا لە نێو دێ ژنێکی مارە کردووە مەحمووداغا کوڕەکانی نارد پێی تەڵاق دا، کوتی کچی سەدر یادگاری قازی محەمەدە نابێ ناڕەحەتی کەن . توبا خانم چەند جار زیز دەبوو ، مەحمووداغا دەینارد دەیهێناوە . تا ئەوساڵەی مەحمووداغا وەفاتی کرد . پاش وەفاتی مەحمووداغا توبا خانم رۆیی و نەهاتەوە ، لە مهاباد مێردی بە خزمێکی خۆیکرد .جەعفەراغاش چەند ژنی هێنا ، منداڵی هەرنەبوو . ئێستا هەردووکیان وەفاتیان کردووە ، جێگایان بەهەشت بێ.

# تەوزیحات:

١، مەبەستی نووسەر لە هێزی رووس وێدەچێ هێزەکانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بن کە بەشی هەرە زۆریان ترکی باکۆ و دەوروبەری بوون . بە زاهیر هێزی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوون بەڵام لە بنەوە ئەفسەرانی ک،گ،ب بەڕێوەیان دەبردن و ئەغلەب دەگەڵ هێزی رووسیش تێکەڵ دەبوون . دوکتور جهانشاهلو ئەفشار موعاوینی پێشەوەری لە کتێبی (ماوبیگانگان) دا لە چەند جێگادا باسی کردەوەی دزێوی ئەو هێزە چەکدارە دەکا و پەردە لە سەر ئاکاری دژی ئینسانییان لا دەدا. وێنەیەکی لێرە دەخەمە بەرچاو:

لە هەموو کۆمارەکانی شووڕەوی کە هاوسنوور دەگەڵ وڵاتەکانی دیکەن لە سازمانی ئەمنییەتدا ئیدارەیەک هەیە کە کەسانێک بۆ پەڕینەوەی غەیرە رەسمی لە سنووری ئەو ناوچەیە ئامووزش دەدەن. ئەو لاوانە لە نێو گەنجی سالم و لەشساغ کە زمانی وڵاتی دراوسێ و زاراوەکانی بە باشی دەزانن هەڵدەبژێردرێ . فەلسەفەی ئەو کارە ئەوەیە ئەگەر تووشی کەسێکی ئەو دیوی سنوور بوون نە ناسرێنەوە و بە خەڵکی ئەو وڵاتە دراوسێیە بزاندرێن. ئەوانە سنوور دەبەزێنن و دەگەڵ سیخوڕەکانی ک،گ،ب لەوبەری سنوور پێوەندی دەگرن و زانیارییەکان دەگەڵ خۆیان دێننەوە ناو وڵاتی خۆیان. لە بەرەبەری شەڕی جهانیی دووهەمدا کە رووسەکان بێگانەکانیان بە بەهانەی ئەمنییەتی لە وڵاتی خۆیان دەردەکرد غوڵام یەحیایان ناردە نێو ئەوانەو رەوانەی ئێرانیان کرد و لە سەراو نیشتەجێ بوو. هەروەک لە خۆیم بیستبوو لە ئاواییەکانی سەراو دەستی کربوو بە دۆشاو فرۆشتن و دوای ئاشنابوون دەگەڵ چەند دزێک خەریکی کاری قەسابی بوو. ئەو بۆی گێڕامەوە:

رۆژێک دوولەوانە بە منیان کوت دۆشاو فرۆشتن پووڵی لێ پەیدا نابێ ، ئەگەر بتوانی قەسابی بکەی ئێمەش لە رێگای دوورەوە مەڕت بۆ دێنین ، گۆشتەکەی بفرۆشە و قازانجەکەی بەشدەکەین. من قوبووڵم کرد و ئەوان شەوێ لە دێهاتی دوورەدەست مەڕیان دەدزی و ئەمن دەمکوشتنەوە و لە شوێنی ژیانی خۆم و دێهاتی دوورونزیک گۆشتەکەیم دەفرۆشت و هاوکات تەبلیغاتی کومونیستی و دژە دەوڵەتیم دەکرد تا ژاندارمەکان گرتیانم و کەوتمە زیندانەوە .

ناوبراو دوای رزگار بوون لە زیندان بوو بە ئەندامی یەکیەتی کرێکارانی حزبی توودە لە ئازەربایجان ولە بەرەبەری پێکهاتنی فرقەی دێموکرات، ئەو بەرپرسی یەکیەتی کرێکارانی شاری میانە بوو. کاتێک لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٢٤ گونگرەی فرقە لە تەورێز بەسترا ئەویش لەوێبوو . لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ بەو چەکانەی رووسەکان بە هۆی کاپیتان نەورۆزوفەوە لە ئیختیاریان نا شاری میانەی لە دەست

دەوڵەت دەرهێنا و لە کۆتایی ئەو مانگەدا لەگەڵ جەمعێک لە فدایی سەراو و میانە لە تەورێزڕا ناردبوویاننە یاریدەی فداییەکانی زەنجان و من تا لە زەنجان بووم ئەو داهودەستەیەم مهار کردبوو ڕێگام نەدان دەستدرێژی بۆ ماڵی خەڵک بکەن. بەڵام دوای گوێستنەوەی من بۆ تەورێز بۆخۆی و فیداییەکانی ژێر فەرمانی ڕووی پیاوکوژەکان و تاڵانچیەکانی عەرەب و مەغوول و غوزیان سپی کردەوە.

خۆی و هاودەستەکانی ئاواییەکانی ئاغای (اسعدولدوله ذولفقاری) و ناوچەکانی هەوشار ، کرسف، قیدار، و بەخشی (خدابنده و سجاس رود) یان تاڵان و وێران کرد. وێنەی ئەو تاوانکاریانە و تاڵانانە لە مەراغە و ئەردەوێڵ و تەنانەت شاری تەورێزیش زۆر ڕوویانداوە. بۆ نموونە کەسێک بە نێوی (عباس پناهی) بە بیانووی قەدەغە بوونی بردنی زێر و جەواهێرات لە کاتی سەفەردا دارایی زۆر کەس لە موسافیرەکانی دەست بە سەرداگرت ، بەشێکی بۆخۆی هەڵگرت و بەشێکیشی دا بە دوکتور جاوید و کاویان و بەشێکیشی دا بە ئەربابەڕووسیەکانی خۆی. لە ئاخرین ڕۆژەکانی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ ەوە کە فەرمانڕەوایی فرقە لە ئازەربایجان دامەزرا بۆوەی کەم و کووری ئازووقە دروست نەبێ، باشوەزیریی بە تەسویبی مەجلیسی ئازەربایجان فەرمانێکی سادر کرد و سادرکردنی خواردەمەنی لە سنوورەکانی زەنجان و ئاستاڕا و مەراغەرا قەدەغە کرد . لە زەنجان غوڵام یەحیا و هاودەستەکانی بە پشت بەستن بەو فەرمانە چەندهەزار پیت ڕۆن و پەنیر و نزیک ٢٥٠ هەزار سەر مەڕی چێودارە کوردەکان و زەنجانیەکانیان کە بۆ فرۆشتن بەرەو تاران و قەزوێنیان ناردبوو دەستیان بە سەردا گرت . خاوەنەکانیان هاتنە لای ئێمە و شکایەتیان کرد و کوتیان ئەگەر توجاڕەت دەگەڵ تاران قەدەغەیە لانیکەم ڕێگامان بدەن لە ئازەربایجان و زەنجان و کوردستان بیانفرۆشین . قسەکەیان حیسابی بوو. دەستووری دانەوە بە ساحێبەکانیانمان چەند جار سادر کرد، نە تەنیا جوابیان نەدایەوە ، بازرگان و چێودار و خاوەن وشترەکانیشیان بە نێوی قاچاغچی بازداشت کرد و دوای چەند مانگ کە گیانی خۆیان لە مەترسیدا دی دەستیان لە ئیدیعای ماڵی خۆیان هەڵگرت و گیانی خۆیان پێ نەجات دا. عیدەیەکیان هاتنە لای من و کوتیان مولزەم کراون ئیدی ڕوو لە لای ئێمە نەکەن . ئەو پەنیر و ڕۆن و مەڕانە لە ڕێگای تارم و کاغەزکەنان گەیەندرانە ئەردەوێڵ و ئاستاڕا و لەوێ بە هۆی (سراجعلی اینسکی ) سەرهەنگی سازمانی ئەمنیەتی ڕووس کە ئەوکات هەمە کارەی ئەو ناوچانە بوو لە ڕێگای پردی خودا ئافەرینەوە لە سنووریان پەڕاندنەوە و تەحویلی دارو دەستەی باقرۆفیاندا. بەڵام ئەوە کۆتایی کار نەبوو . لە هەوەڵین ڕۆژەکانی مانگی سەرماوەی ١٣٢٥ کە بریار بوو ئێمە زەنجان رادەستی نوێنەری حکومەتی (قوام السلطنه) ئاغای سەرهەنگ (بواسحاق) بکەینەوە ، غوڵام یەحیا و هاودەستەکانی بە پەلە نزیک بە ٧ هەزار و بە ریوایەتێکی دیکە ١٠ هەزار گامێش و مانگا و گوێلکی ئاواییەکانی دەوروبەری زەنجان، هەوشار، خودابەندە، سورەبەرد، ئوریات، ئەنگووران و گەڕووسیان تاڵان کرد و هێندێک سواریان ڕەگەڵ خستن و گەیاندیانە ئەدەوێڵ و لەوێرا ئاوقای ئەودیوی سنووریان کردن.

مەسەلەی تاڵانی ئەو گاو گوڵانە و بردنیان بۆ ئازەربایجانی ڕووس ، لە دیداری قەواموسەلتەنە دەگەڵ ئاغای پیشەوەری و من ، هاتە گۆڕێ و قەوام بە منی گوت ئاغای دوکتور ئاخر ئەوانە هاووڵاتیی ئێوەن و لە داهاتووی نزیکدا تووشی گرانی خورد و خۆراک بە تایبەت گۆشت دێن . ڕێگا مەدەن گاوگۆڵی وڵاتی ئێوە تەحویلی بێگانە بدەن.

لە هەوشار ماڵی حیسامی داشکستان ساف لە ساف تاڵانکرا و لە نانیان خست.

٢، سەبارەت بە رووداوەکانی بۆکان ، هاتنی مەلا مستەفا بارزانی بۆ بۆکان و هەروەها هێزی دێبوکری ، بڕوانە کتیبی دەوڵەتی جەمهوریی کوردستان ، نامە و دکومێنت   نووسینی مەحموودمەلا عێزەت.

٣،بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوی کوژرانی هەباساغای دێبوکری بڕوانە کتێبی (تاریخ مهاباد) بە قەڵەمی سەید محەمەد سەمەدی ، هەروەها بۆ روونکردنەوەی رووداوەکانی مکوریان بڕوانە کتێبی  فەرمارەوایی مکوریان نووسینی جەمیل رۆژ بەیانی و کتێبی  مهاباد بر قله تاریخ  نووسینی عومەراغای عەلیار.

٤، سەبارەت بە هاتنی مەلا مستەفا بارزانی بۆ بۆکان بڕوانە کتێبی  گەشتێک بە کۆماری مهابادا نووسینی عەقید بەکر حەوێزی .

٥، میرزا رەحمەتی شافیعی و عەلیاغای حاجی ئێلخانی بێجگە لە دۆستایەتی نزیک ، خزمیش بوون . میرزا رەحمەت کچێک و کوڕێکی بوو . کچەکەی عیسمەت خانم مێردی بە عومەراغای عەلیار کردبوو . بووکی عەلیاغابوو. کوڕەکەشی سەعیداغا توبا خانمی کچی عەلیاغای هێنابوو . زاوای عەلیاغابوو.

لە زەمانی دەسەڵاتی رووسەکان لە مەنتەقەدا چەند مانگ پێش رااگەیاندنی کۆماری کوردستان ، رووسەکان بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەفتی شیمالی ئێران، لە سەراسەری ئێران تەزاهورات و مێتینگیان وەرێخست بۆ وەی دەوڵەتی (ساعد مراغەای) بۆ وەرگرتنی ئەو ئیمتیازە بخەنە ژێر فشارەوە . لە مهاباد کاریکاتۆری ساعید مەراغەییان کێشابۆوە و پاشان ئاوریان تێبەردابوو ، ئەو کارانەشیان بە دەستی ئەندامانی حیزبی توودە و باقی دەست و پێوەندەکانیان ئەنجام دابوو . هەروەها لەو پێوەندیەدا تۆمارێکیان نووسیبوو و بە کەسانی ناسراوی مەنتەقەدا دەیانگێڕا و داوای ئیمزایان لێدەکردن. . ئەو تۆمارە دەبەنە ئاوایی سونجاغ و داوادەکەن عەلیاغاش ئیمزای کا ، ئەویش قوبووڵی ناکا . بە دوای ئەوەدا ئەفسەری سیاسی رووس دێنە ماڵە عەلیاغا و هۆی ئیمزانەکردنەکە دەپرسن. ئەویش دەڵێ گرێبەستی نێوان دەوڵەتان لە رێگای مەجلیس و دەوڵەت و دەزگای حکوومەتیەوە دەکرێ ، ئێمە خاوەن مڵک و بازرگانین . دەوڵەتەکەی خۆمان لێمان قوبووڵ ناکا ئەو دەخالەتانە بکەین بە تایبەت کە شەڕ تەواو بووە و ئێوەش لێرە دەڕۆن . ئێمە چ جوابی دەوڵەتی ئێران بدەینەوە؟ ئێستا ئێمە شامان هەیە ، دەوڵەتمان هەیە کە ئاغای ساعید رەئیسیەتی ، مەجلیسمان هەیە کە نوێنەری مکوریان لەوێ ئاغای سەدرە و دەبێ لەو رێگا قانوونیانەوە دەگەڵ ئەوان حەلی کەن ، ئێمە دەسەڵاتی دەوڵەتمان نیە بۆیە نەمتوانیوە ئیمزای کەم و سەحیح نییە ئێوەش فشارمان بۆ بێنن. ئەفسەرە رووسەکان هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن. عەلیاغاش هەڕەشەکە بە جیدی دەگرێ بە تایبەت کە نەخۆشی سەرەتانی خوێنی دەبێ، کوردستان بە جێ دێڵێ و دەچێتە تاران و لە چەند مانگ پێش راگەیاندنی کۆماری کوردستان تا رووخانی ئەو کۆمارە نەهاتۆتەوە کوردستان و زۆریش دوای هاتنەوەی بۆ کوردستان نەژیاوە و هەر بە نەخۆشیی سەرەتانی خوێن فەوتی کردووە.

عەلیاغا تۆماری داوای ئیعدامی تێکۆشەرانی کوماری کوردستانیشی ئیمزا نەکرد و ئیعتراز و دژایەتی خۆی بێ پەردە راگەیاند . لە دەورانی دەسەڵاتی رووس لە مەنتەقەدا زۆر تێرۆری سیاسی روویداوە کە تەحریکاتی نەیارانی ناوخۆیی و دەستی غەیبیی ک،گ،ب ی لە پشتە ، برای میرزا رەحمەتی شافعی، ئاغای مەحمودیان، قازیزادە رەئیسی ئیدارەی سەبتی ئەحواڵ، عەلی ئەشەرفخانی هەوشار لە لیستی ئەو قوربانیانەدان.

کاک سەنار مامەدی لە بەرگی دووهەمی بیرەوەرییەکانیدا ئاخر چاوپێکەوتنی خۆی و بابی دەگەڵ عەلیاغای حاجی ئیلخانی ناسراو بە ئەمیر ئەسعەد ئاوا دەگێڕێتەوە:

کە شاری شاپوور میوانی حاجی برایمی قەسەبەیی بووین. دوای خواردنی شام کەسێک کە نێویم لە بیر نەماوە و دوکانی پارچە فرۆشیی هەبوو هات و بە بابمی کوت میوانێکم هەیە و دەیەوێ چاوی بە ئێوە بکەوێ و داوای ئەوەیە ئێوە بێنە ماڵی من و چاوتان پێی بکەوێ. بابم نێوی میوانەکەی لێپرسی ، ئەویش کوتی عەلیاغای دێبوکری ئەمیر ئەسعەدە. منیش دەگەڵ بابم چووینە ماڵی ئەو کەسە. بابم و عەلیاغا دەستیان لێداوە و دوای ئەحواڵپرسی و هێندێ قسە عەلیاغاکوتی :

ئێستا لە کوردستان وەزعێکی واهەیە کەس لە کەسە و ئێستا کە شەڕ تەواو بووە و هەموو ئەرتەشەکان ئێران بە جێ دێڵن چارەی ئێمەی کورد چیە؟ ئێمە نابێ دژی دەوڵەتی ئێران بوەستین . ئەتۆ وەزعی شوورەوی کە کومونیستە لە باکۆ بە چاوی خۆت دیت. بابم لە وڵامدا رەفتاری مەعموورینی رەزاشای دەگەڵ کوردەکان وەبیر دێناوە. و دەیکوت ئەمن قسەکانی تۆ کە دەڵێی هێزی شوورەوی لە نیهایەتدا ئێران بە جێ دێڵن و ئێستا هەر کەس بۆخۆی سازی خۆی لێدەدا تەئیید دەکەم بەڵام دەبێ لەو وەزعەی هاتۆتە پێشێ کەڵک وەربگێرێ تا بتوانین حەقی خۆمان وەرگرین. عەلیاغا سیغاری بە سیغار دادەگیرساند و هاوکات قسەشی دەکرد و نزیک سێ سەعات پێکەوە قسەیانکرد و هیچ تەوافوقێکیان بۆ نەکرا . نزیک سەعات ١١ی شەو بوو ئێمە گەڕاینەوە ماڵی حاجی برایم و ئیدی خەبەرێکمان لێی نەبوو و نەمانزانی چووە تەورێز یا تاران یا ورمێ یا مهاباد.

٦، توبا خانمی کچی ئاغای سەدر ژنی جەعفەراغای سەرداراباد بوو. دوای جیا بوونەوە لە جەعفەراغا مێردی بە ئاغای ئەحمەدی قازی کوڕی قازی کەریم کرد . کاک ئەحمەدی قازی ماوەیەک لە دامەزراوەی شەباهەنگ لە تاران دەرسی دەکوت . دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بە دوای فەوتی مامۆستا هێمن دا ماوەیەک سەردەبیری گۆفاری سروە بوو . جەعفەراغا و توباخانم منداڵی هاوبەشیان نەبوو . رابیعا خانمی کچی عەولاغای ئێلخانیزادە کە دەزگیرانی کەماڵی سەدری قازی بوو قەت نەگوێزرایەوە . دوایە مێردی بە یەکێک لە ئاغایانی بایەزیدی کرد و ئێستا لە مهاباد دەژی.

## کۆتایی